# جەنابی سەرۆك چیتکرد..!

**نیهاد جامی**

نەبونی پیادە کردنی یاسای هاتوچۆ یەکێکە لە گەورەترین گرفتەکانی ڕۆژانە هاولاّتیان ڕووبەرووی دەبنەوە، شەقامەکان هێلی سپیان بۆ ڕاکێشراوە، بەلاّم هیچ ئۆتۆمۆبیلێك ئامادە نیە کە هاولاّتی لەسەر شەقام بوو بوەستێت، تا ئێمەی پیادە بپەڕینەوە، ئەو ڕۆژە کەژاوەی ئۆتۆمۆبیلەکانی جەنابی سەرۆك زۆر خێرا تێدەپەڕین، من لەسەر خەتە سپیەکە تەماشام دەکردن، جەنابی سەرۆك کە چاوی بە من کەوت ئامارەی بۆ شوفێرەکەی کرد کە بوەستیّ، منیش داوام لێکرد کە جامی ئۆتۆمۆبیلەکەی بکاتەوە، چومە بەردەمی پێم ووت "بەیانی باش جەنابی سەرۆك، پاسەوانەکانت بۆ ڕیز لە یاسا ناگرن، من لەسەر هێلی سپیم، بۆ تۆ ڕێز لە یاسا دەگریت و چەکدارەکانت نایگرن " سەرۆك بەلّێنیدا ئەوەی هاولاّتیەکی بینی لەسەر خەتی سپی دەبێت بوەستێت دەنا بە توندترین شێوە سزا دەدرێت، ئەوە چەند ڕۆژێکە بەویستی خۆمان لە شەقام دەپەڕینەوە، بەلاّم ئەوەی زۆر سەیرە سەرۆك داوای لە هێزی سەربازی ئەمریکی و کۆریەکانیش کردووە ڕێز لە یاسای هاتوچۆ بگرن، بۆیە دوێنیّ نیوەرۆ لە شەقامی باتە دوو مودەرەعە و جێبێکی لەشکری ئەمریکی بە شەقامەکەدا تێدەپەڕین کە بینیان پیرەژنێکی دیانی عەنکاوە پەڕیبۆوە، بەلاّم سەگەکەی هێشتا لە ترسی مردن هەر لەودیو شەقامەکە بوو، هێزە سەربازیەکە وەستا تا سەگەکە پەڕیەوە، ئێستا بووە بە نەریت هەر کەسێك لەسەر خەتی سپی بوەستێت، دەتوانیّ بە ئاسانی بپەڕێتەوە، چونکە سەر پێچیکار لەلایان سەرۆکەوە سزا دەدرێت، تەنانەت پشیلە و مراویش دەتوانن لەسەر خەتی سپی بپەڕنەوە، ئێستا لەسەر ڕێگای جەنابی سەرۆك وەستاوم بۆ ئەوەی  کە هات پێی بلّێم "جەنابی سەرۆك چیتکرد خۆمن نەمووت بەو شێوەیە بڕیار دەربکە، ئێستا خاوەن ئۆتۆمۆبیلەکان بۆ سەگ و پشیلەش دەوستن، بۆ جەنابی سەرۆك بڕیارەکانی تۆ هێندە کاریگەرە دەك دەستت خۆش بێت کە تۆ لە یاسا گەورەتری" زەنگی مۆبایلەکەم لێیدا لەبەر خۆمەوە ووتم دیارە جەنابی سەرۆك ژمارەکەی منی وەرگرتووە دەیەویّ بزانێت منی نوسەر بڕیارەکەی ئەوم بە دلّە، کەچی کە سەیری مۆبایلەکەم کرد کچێکی هاوڕێم بوو وتی ئاوڕ دەوە دواوە، سەیرم کرد ئەو لەو دیو شەقامەکە وەستابوو وتم بۆ ناپەڕیەوە ووتی ئەوە ماوەیەکە وەستاوم لەسەر ئەو خەتە سپیان کەچی یەك شوفێر ئامادە نیە ئۆتۆمۆبیلەکەی هێواش بکاتەوە، ناتوانم بپەڕمەوە، ئەوسا زانیم ئەوی من بە جەنابی سەرۆکم ووت خەیالّێکی پوچی خۆم بوو لەخەیالّدا بوومە کاتیّ وامزانی یاسا بەو جۆرەی لێدێت، بە هاوڕێکەم ووت چیم لێدەکەی هاوڕێم بەس من دەزانم جەنابی سەرۆك چیکرد، ووتی تەلەفۆنەکەت داخە با توشی موشکیلە نەبین، لەو دیو شەقامەکە کە ئۆتۆمۆبیلەکان من و هاوڕێکەمیان لەیەك جیا دەکردەوە، هێلە سپیەکە لە نێوانمان بوو، پێم ووت من لە دوورم تۆ لەدووری بەم جۆرە خۆشە دلّداری ناچار لێم ئەبوری چونکە ناتوانی لە خەتی سپی بپەڕیەوە